عەبدولڕەحمان مونیف

# ئایین و ئازادیی بیروڕا

وەرگێڕانی
عوسمان حەسەن شاکر

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

**دیزاینو بەرگ:** ئەمیرە عومەر
**چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
**تیراژ:** (٢٥٠٠) دانە
**ژمارەی سپاردن:** (١٨٧٧) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری
**ژ. زنجیرە :** (٦)

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

# پێشەکی

ئامانج لەوەرگێرانو بەچاپگەیاندنی ئەم بابەتە، رونکردنەوەی پەیوەندی نێوان (ئایین)و (ئازادی)یە وەك پرسێکی ئاڵۆزو پرگرفت، بێ گومان کاریگەری هەر یەکێکیان لەسەر ئەوەی تریان دەبێتە هۆی سنوردارکردنی رۆڵو کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگاو دامەزراوەو پێکهاتە جیاوازەکانی.

ئەو فاکتەرەی کە رۆڵێکی زۆر خراپو مەترسیداری لەسەر ئاستو جۆرو سروشتی ئەم پەیوەندییە داناوە سەرهەڵدانی فەندەمینتالیزمە، واتە باڵی توندڕەوی ئایینی یە کە بەرەوتی ئیسلامی سیاسی ناسراوە.



پرۆژەو ئاڵتەرناتیڤی فەندەمینتالیزم بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتو کۆمەڵگا، پرۆژەیەکی شمولیو تاکڕەوانەیەو کار لەسەر سڕینەوەی بەرامبەرو هەموو دەنگو ڕەنگێکی جیاواز دەکات بە ئامانجی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگو بێ دەنگ، خاڵی لە هەر دەنگو بیروڕایەکی جیاواز.

عەبدولڕەحمان مونیف لەم نوسینەدا پرسەکانی پەیوەندی نێوان ئایینو فەندەمینتالیزم واتە باڵی توندڕەوی ئایینی، ئایینو ئازادیی بیروڕا، وولاتانی خۆرئاواو سیستەمە تاکڕەوو دیکتاتۆرییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو، فاکتەرەکانی گەشەکردنی فەندەمینتالیزمو ئاستەنگەکانی بەردەم کاروگەشەی هێزو گروپو کەسایەتیە دیموکراتو چەپو پێشکەوتنخوازەکان،

بەشێوەیەکی بابەتیو بەپەیڕەوکردنی میتودی زانستیو عەقلانی باس دەکاتو لێکدەداتەوە.

عوسمان حەسەن

# ئايين و ئازاديى بيروڕا

لەڕاستيدا دەبوايە ئايين، جا هەر ئايينێك بێت، لەچوارچێوەى بڕواپێهێنانى تايبەتىو كەسێتيدا بمايەتەوە، كاتێكيش ئاراستەى ئەوانى دى دەبێت، دەبوايە لەسنوورى بەها مۆراڵييەكاندا بمايەتەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕا بۆ پرۆسەيەكى سياسى ئەو كاتە دەبێتە پاساوێك بۆ زەوتكردنى ئازاديى مرۆڤ و ناچاركردنى بۆ هاوشێوە بوون، هەروەها دەشبێتە ئامرازێك بۆ سەركوتى ئەوانى دىو زۆرجاريش دەبێتە بيانوويەك بۆ چەوساندنەوەيان. ئەگەر باوەڕدارى لەلاى زۆر كەس لەبڕواوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوا لەلاى كەسانێكى



ترلەڕاهاتنەوە نزيكە تاباوەڕ، بەڵام هاندەرەكانى ئەم تێڕوانينە هەرچييەك بێت، پێويستە نەبێتە ئامرازێك كەبەهۆيەوە ملكەچپێكردنو هاوشێوەبوون (التماثل) ببێتە ياسايەكى بەزۆر سەپێندراو، يان فۆرمۆلەيەك هەمووان بگرێتەوە بەهەمان شێوە يان بەهەمان ئاست، جا لەڕووى باوەڕدارييەوە بێت يان سرووتە كانەوە.

هەروەها هەبوونى ئەم تێڕوانينە ڕەوايەتى نابەخشێتە گۆڕانى خودى ئايين بۆ دەسەڵاتێك كەمافەكانى مرۆڤ لەهەڵبژاردنى ئازاددا تێپەڕێنێت، يان شێوازێك لەشێوازەكانى دەمارگيرىو سەرسەختى. لەگەڵ ئەوەشدا دەمارگيرى لەقۆناغى ئێستادا، زياتر لەهەر كاتێكى تر بۆتە دياردەيەكى جيهانى، ئەم دەمارگيرييەش لەچەند وێنەيەكى جياوازدا خۆى نمايش دەكات: دەمارگيرى نەتەوەيى، ئەتنيكى، ئايينى، ئايينزايى، هەروەها لەفۆرمى ڕووبەڕووبوونەوەيەكى ئاشكرادا خۆ دەنوێنێت،

تەنانەت هەندێ جار توندوتیژیش، لەنێوان هەژاران و دەوڵەمەندانی هەموو کۆمەڵگاکاندا، لەسەر ئاستی جیهانیش لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو وڵاتانی هەژاردا، ئەمە سەرەڕای بەرتەسککردنەوەو سنوردارکردنی کۆچکردن و فرۆشتنی هێزی کار، هەڵوێست و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچبەرەکان لەوڵاتانی پەنادەردا. لەبەر ئەوە هەڵەیە ئەگەر دیاردەی فەندەمێنتالیزم، کەپانتاییەکی فراوانی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە لەو دیاردە گشتییەی کەخەریکە گەلێك شوێنی تریش دەگرێتەوە جیابکرێتەوە، یان لەهۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دابڕێت.

ئەگەر دیاردەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بەدیاریکراویش باڵە سیاسییەکەی شایەنی هەڵوێستەکردنەو پێویستی بەلێکدانەوەو شرۆڤە کردن هەیە، ئەوا دیاردەی فەندەمێنتالیزمی یەهودی خۆی



پەنهان ناکات و شەرانگێزبوونیشی ناشارێتەوە، هەروەها گوزارشتە پراکتیکییەکانی لەبەرامبەر عەرەبدا بەشێوەیەکی گشتی زۆر روون و ئاشکرایە، بەتایبەتیش لەناوچە داگیرکراوەکاندا، سەرباری بەرهەمهێنانی ململانێیەك کەهەندێ جار سروشتێکی زەبروزەنگئامێزی هەیە لەنێو خودی جولەکەکان خۆیاندا. بەڵام فەندەمێنتالیزمی مەسیحی، کە لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بەتایبەتیش (حبری مەزنەوە)، پاپای ئێستا، ئەوا ئەم فەندەمێنتالیزمە گەلێك رەنگدانەوەی هەیە، کەدەتوانین ئاماژە بەدوانیان بکەین; یەکەم/ هەڵوێستی ڤاتیکان لەبەرامبەر ئەو پیاوە ئایینیە مەسیحانەدا کەیارمەتی و پشتگیری هەژارانیان کرد لەئەمریکای لاتینیداو، بەرامبەر بەو سیستەمە دیکتاتۆریانەش وەستانەوە کە لەلایەن ئەمریکاوە یارمەتیدەدران و پشتگیریان لێدەکرا: دووهەم/ هەڵوێستی کڵێسایە لەبەرامبەر

بلۆکی سۆشیالیستیدا، لەسەرەتادا لەپۆلۆنیاوە لەسەرەتای هەشتاکان، ئەو کۆششانەی کە لەم بوارەدا دران دژ بەم سیستمانەو لەئامێزگرتنی دوژمنایەتیکردنیان تائەوپەڕی سنور، ئەمەش بەرێکەوتن و تەنسیقکردن لەگەڵ دواکەوتوترین ناوەندی کۆنەپەرستی دەستڕۆیشتوی رۆژئاوادا. . ئەم دوو هەڵوێستە بەرۆشنی نیشانیدەدات، کەفەماندەمێنتالیزمی مەسیحی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بەتایبەتیش لەبواری سیاسیدا بەدیوەکەی تریشدا دیاردەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، کە لەساتەوەختی ئێستادا رۆشنایی دەخرێتە سەر، هاوشێوەکەی لەکۆمەڵگاو دامەزراوەکانی تردا هەیە. ئەمە لەسەرێکەوە، لەسەرێکی تریشەوە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی سیاسی، بەدیاریکراویش ئەو باڵەیان کەپشت بەزەبروزەنگ دەبەستێت، لەگەلێك قۆناغی جیاوازدا، لەلایەن رۆژئاواوە لەئامێزگیراوەو



پشتگیری لێکراوە، پشگیریکردنەکەش گەلێك شێوازی جیاوازی لەخۆگرتوە: لەرووەکانی سیاسی و دارایی و راگەیاندن و هەندێکجاریش لەڕووی سەربازیشەوە. پێموایە نمونەی ئەفغانستان راستی ئەم قسەیەم دەسەلمێنێت، ئاماژەشە بۆ ئەوەی کەوڵاتانی رۆژئاوا لەسۆنگەی ئەو زیانە یاخود سودانەوە، کە بەر بەرژەوەندییەکانی دەکەون، هەڵوێستی خۆی دیاریدەکات، نەك لەسەر بنەمای هەڵوێستێکی جێگیر لەبەرامبەر ئەم رەوتەدا.

بەتەنها هەر ئەمەش نا، وڵاتانی رۆژئاوا لەگەلێك قۆناغدا، تاکو هەنوکەش، پشتگیری ئەو سیستەم و ئاراستە فیکرییە عەرەبیانە دەکەن ، کەخاوەن دیدێکی فەندەمێنتالیستین. وڵاتانی کەنداوی عەرەب، وڵاتانی تریش، لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە چاودێری و پارێزگاریان لێدەکرێت، بەتایبەتیش لەلایەن

ئەمریکاوە، سەرباری ئەوەی، کە بەکۆنەپەرستی فەندەمێنتالیستی ناسراون، هەروەها سەرباری ئەو پشتگیریو یارمەتییەی، کە ئەم رژێمانە لەکۆمەڵێك بزاوتی فەندەمێنتالیستی دەکەن لەگەلێك شوێنی جیهاندا.

بەشێوەیەکی گشتی فەندەمێنتالیزم، بەدیاریکراویش فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، سەرباری ئەوەی لەمێژە هەیە، بەڵام ئێستا زۆر لەپێشوو بەهێزترە، ئەو ئاماژانەی، کەشرۆڤەی ئەم ڕەوشە دەکەن: لاوازی یان نائامادەیی رەوتەکانی ترە، ئەو کۆسپو تەگەرانەیە، کەخراونەتە بەردەمی، رۆژئاواش لەماوەی گەلێك قۆناغی جیاوازدا شەڕێکی هەڵگیرساندبوو، کەراستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی پشتگیریی و یارمەتیدانی حکومەتە دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستەکانەوە بەڕێوە دەبرا بۆ دژایەتیکردنی



رەوتە دیموکراتیو پێشکەوتنخوازەکان، کەسەرەنجام زەمینەیەکی شیاوی بۆ رەوتە فەندەمێنتالیستەکان رەخساند بۆئەوەی بەهێزو زاڵبنو نمونەی ساداتیش لەمیسر نمونەیەکی روونو ئاشکرایە.

بەڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت ئەم رەوشە هێندەی تر چەسپی، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو شاڵاوی راگەیاندنەی رۆژئاواوە، کەبانگەشەی بۆ نەبوونی هیچ دەرفەتو رێگەچارەیەك دەکرد لەبەردەم رەوتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازدا بۆ بوونە ئەلتەرناتیڤی سیستەمە کۆنەپەرستە دەسەڵاتدارەکان، کەئەمەش زەمینەی خۆشکرد تارەوتە فەندەمێنتالیستەکان خۆیان بەتاکە ئەلتەرناتیڤی هەموو رەوتە کۆمەڵایەتییەکانی تر دابنێن. لەبەرامبەردا فەندەمێنتالیستەکان رەوشێکی ئاوایان بەدۆخێکی شیاوو گونجاو زانی بۆ کارکردنو کاریگەری دانانو زیاتر بەهێزبوون، بەتایبەتیش

چونکە سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوا بەدرێژایی چەندان دەیە سیاسەتێك بووە، کەخۆپەرستی و ئاسۆلێڵی بەسەریدا زاڵ بووە، لەهەمان کاتدا دژو پێچەوانەی خواستە ڕەواکانی گەلانی ناوچە کەبووە، بەتایبەتیش هەڵوێستی ناڕەواو نامرۆییان لەبەرامبەر پرسە سەرەکییەکانی وەك: نەوت و پرسی فەلەستین و رزگاری ئابووری، دەرفەت و زەمینەیەکی باش و فراوانی لەبەردەم بزاوتە فەندەمێنتالیستەکان رەخساند بۆئەوەی خۆیان وەك ئاسۆو رێگەچارەی سیاسی و ئابووری بخەنەڕوو ئیدی بەچاوپۆشین لەشیاوییان بۆ هەستان بەو کارە لەداهاتوودا. بەشێکی زۆر گەورەی ئەو شەڕانەی کەئێستا لەگەلێك شوێنی جیهاندا لەئارادان، جەنگی دروشمەکانە بۆ بەدەستهێنانی جێگاو شوێنی شیاو، با بەشێوەیەکی کاتیش بێت، لەپێناو ڕیزبەستنێکی تازەتردا، ئەم شەڕانەش تاڕادەیەکی زۆر هەموو لایەنەکان پێی هەڵدەستن و



تێیدا بەشدارن، بەچاوپۆشین لەهەموو ستراتیژیەتێکی ماوە درێژیان نا، لەبەرئەوەی لەئێستادا پرسی گرنگ سەرکەوتنە بەسەر دوژمندا، یاخود باڵبەستکردن و رووتکردنەوەیەتی لەو ئامرازە گرنگانەی کەهەیەتی یان کەپەنای بۆدەبات، بەبێ بایەخدان بەو دەرئەنجامانەی، کەرەنگە لەداهاتوودا لێی بکەوێتەوە.

لەوشتانەی، کە لەئێستادا هەڵوێستی رەوتی فەندەمێنتالیستی بەهێزدەکات، لەرووی جەماوەرێتییەوە کاراتری دەکات بریتییە لەو سیاسەت و دروشمانەی کە لەبەرامبەر رۆژئاوادا بەرزیدەکاتەوە بەتایبەتی لەرووی ئەمریکادا، لەبەر ئەوەی ئەمریکا دەستی هەڵ نەگرتووە لەپەنابردنە بەر هێزو تۆقاندن و روتاندنەوە لەمامەڵە کردنیدا لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا، هەروەك ئاشکرایە کارکردنی لەسەر ئەوسیاسەتانەی کە کەرامەت و خواستەکانی گەلانی ئەم ناوچەیە بریندار دەکات، ئەوە جگە

لەجیاوازیکردنو پەیڕەویکردنی سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا لەمامەڵکردنو هەڵوێست وەرگرتندا لەنێوان عەرەبو ئیسرائیلدا. یادەوەری عەرەبیو ئیسلامی لێوان لێوە لەو ڕووداوانەی کەلایەنگری ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیلو دڵڕەقیو توندوتیژی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، لەمەڕ ئەو پرسانە کەسەبارەت بەگەلانی ئەم ناوچانە چارەنووسازن، نیشاندەدات.

ئەم ئاماژانە زۆر پێویستن لەپێناوی تێگەیشتن لەدیاردەی فەندەمێنتالیزمو گەڕاندنەوەی بۆ ناو چوارچێوە ڕاستەقینەکەی. بەڵام ئەگەر لەم چوارچێوەیەی خۆیو لەتێگەیشتن لەو هاندەرانەی، کەلەپشت هەڵسانەوەو بەهێزبوونو توندڕەوییەکەیدایە دوورخرایەوە، ئەوا گەلێك هەڵەی تری لێدەکەوێتەوە. ڕەنگە قسەکردن سەبارەت بەو پەراوێزەی، کەئایین لەبوارەکانی ئازادی بیرورا و دایەلۆگو فرەهزری ڕێگەی



پێدەدات سوودبەخش نەبێت، لەبەر ئەوەی سەرەڕای بوونی چەندەها تێکست، کەدروستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن، بەڵام ئەوەی کەوادەکات ئەمە بچەسپێتو مومکینبێت ئەو فەزا گشتییەیە، کەباڵادەستە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کەلەئاییندا، ئینجا هەر ئایینێك بێت، لێکبوردنو هاندانی خەڵك بۆ خۆشەویستیو سۆزو هاریکاری هەیە، بەڵام پرسەکە لەهەموو ئایینێکدا یاخود لەنێوان ئایینەکاندا بەستراوە بەو ئارەزوو بیروڕایەی، کە بەسەر سۆزو بیرکردنەوەی خەڵکدا زاڵە، پاشان بەپێداویستیەکانی دادوەریو ئینسافو لەیەکتری تێگەیشتنەوە وەك ڕێگا خۆشکەرێك بۆ گەیشتن بە فۆرمەلەیەکی نوێ لەمامەڵە کردندا.

خۆئەگەر دیاردەی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی، بەلای هەندێك کەسەوە وەك پرسێك لەناکاوو چاوەڕواننەکراو دێتە پێشچاو، کە بەهەندێك سیماو

خەسڵەتی وەك تووندوتیژیو دەمارگیریدا دەناسرێتەوەو زۆر جاریش ئاڵۆزو نارۆشنە، بەڵام ناكرێت ئەم دیاردەیە لەودۆخو فەزا باڵادەستەی سەرجیهانو ئەو رووداوانەی، كە لەگەڵێك ناوچەی جیهاندا ڕوودەدەنو هەروەها لەگەڵ كاردانەوەكانیاندا لەیەكتری دابڕین.

ئازادی بیرورا لەبەشێكی زۆری كۆمەڵگاكاندا بەرهەمو دەرەنجامی هاوسەنگی هێزەكانی نێو ئەم كۆمەڵگایانەیە، لەڕویەكەوە ئەم ئازادییە گوزارشت كردنە لەپێویستی یەكی ژیاریو لەڕووەكەی تریشەوە گوزارشت كردنە لەو ئامرازانەی كە بەشێوەیەكی ئاشتیو عەقلانیو ئارەزومەندانە بەدیدێنێت. بەڵام ئەم پرسەسەبارەت بەكۆمەڵگائیسلامییەكان جیاوازییان گەلێك زۆرە، هەرئەمەشە وای كردووە كەبزوتنەوە فەندەمینتالیستییەكان لەیەكێك لەرووەكانیدا



كاردانەوەیەك بێت بەرامبەر بەشكستی ئەم سستمانەی كەئێستا فەرمانڕەوانو هەروەها لەسەرێكی تریشەوە بەهۆی لاوازیو بێتوانایی هێزوحیزبە عەلمانیەكان لەبوون بەئەلتەرناتیڤی ئەم رژێمانەدا، ئەمە سەرباری ئەوەی، كەبزوتنەوە فەندەمێنتالیستەكان خۆیان بەڕەوشو نێوەندێكی رەتكردنەوەو بەرخۆدان دەزانن لەبەرامبەر سیستمە باڵادەستەكانی رۆژئاوا، كە لەبەرامبەر گەلانی ئەم ناوچەیەدا پیادەی دەكەن، لەهەمان كاتیشدا ئەم هەڵوێستەی خۆیان بەبەرگریكردن لەشوناسو تایبەتمەندێتی ناوچەوگەلانی ناوچەكە، دادەنێن.

لەسۆنگەی ئەوەوە، كەبزاوتە فەندەمێنتالیستەكان پشت بەجولاندنی سۆزو هەستی خەڵكو ورووژاندنو كۆكردنەوەیان دەبەستن، لەدژی گەندەڵیو بەرتیلو لەبەریەك هەڵوەشان، كە سیماو خەسڵەتی تایبەتی

چینە دەسەڵاتدارەکان و ئەوهێزانەیە، کە پشتگیریاندەکەن، دەبینین پەنا بۆ بەسیجکردنی هەست و سۆزیان و دروشمەکان دەبەن، نەك بۆعەقڵ و بەرنامە سیاسیەکان هەروەها هەوڵدەدەن بۆ بێ دەنگکردنی هەردەنگ و رایەکی نەیاری خۆیان لەرێگەی توندوتیژی و سرینەوەی بەرامبەرەوە، لەبەرئەوەی یەکێك لەکۆڵەکەکانی هەژموونکردن، کە ئەم بزاوتانە دەخوازن پێی بگەن زاڵ کردنی پرەنسیپی یەکدەنگییە و هەست و گومانەکردنی هەوادارانییەتی لەشیمانەی هەبوونی راستی لای بەرامبەر.

ئەگەر زانیمان، کەیەکێك لەپایەکانی بزوتنەوە فەندەمێنتالیستەکان، جاهەر بزوتنەوەیەکی فەندەمێنتالیست بێت لەهەموو کات و شوێنێکدا ئەوەیە، کەپێیوایە هەموو راستیەکان لای ئەوە، لەسۆنگەی ئەمەوە داوای خۆ بەدەستەوەدانی



تەواوەتی و گوێڕایەڵی یەکجاری لەهەوادارانی دەکات لەرووی بیرکردنەوەو ئاکاراوە، لەبەرئەوەش کە پشت بەهێزێکی سەروو مرۆیی دەبەستێت، بۆیە پێی وایە، کە تێروانین و بانگەشەکانی پێویستی بەدایەلۆگ نییە بەمەبەستی پەسەندکردن یارەتکردنەوە، هەروەك چۆن پێویستی بەدەستکاری و پێداچونەوەنیە، سەرەنجام داننانێت بەئەگەری بوونی حەقیقەت یان بەشێك لەحەقیقەت لەلای بەرامبەر، ئەو لۆژیکەی کەبەتێروانینی خۆی رەوایەتی ئەوەی دەداتێ، کە بەرامبەرەکانی بەهەڵەو ناراست دابنێت، لەروویەکی تریشەوە ڕینومایکردنیان بە ئەرکی خۆی دەزانێت، هەر بەرامبەرێکیش نەیەتە سەررێگای ڕاست واتە ملکەچی خواستەکانیان نەبێت، بەلای ئەوانەوە لەنێو بردنیان ڕەوایە، واتە سڕینەوەیان لەڕووی مادییەوە.

بەپێی تێڕوانین و بەرنامەی بزوتنەوە فەندەمێنتالیستەکان ململانێ، لەنێوان ڕەوتە فیکرییەکان و بەرنامە سیاسیەکاندانییە، بەڵکو لەنێوان ئیمان و ئیلحاددایە، لەنێوان باوەڕداران و یاخیبواندایە. خۆئەگەر لەقۆناغێکی دیاریکراودا پەنابردن بۆ پێسەلماندن و لۆژیك ڕەوابێت، ئەوا لەپێناوی گێڕانەوەی یاخیبوان بۆسەر ڕێگەی ڕاست، لەکاتێکدا ئەگەر نەتوانرا بڕوایان پێبهێنرێت، یان بڕوایان نەهێنا، ئەوسا مافی باوەڕدارانە، بەڵکو ئەرکی سەرشانیانە، پەنا بۆ هەموو شێوازێك بەرن، لەوانەش توندوتیژی، بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە بزوتنەوەی فەندەمێنتالیست خاوەنی پێکهاتەیەکی هەرەمی دیاریکراوە، لەبەرئەوە فەتواو ڕادەربڕین لەتایبەتمەندیەکانی ژمارەیەکی دیاریکراوی



کۆمەڵەکانیانە و پێویستە لەسەر ئەندامانی تر ملکەچ و جێبەجێکەری ئەو داوایانەبن، کەلێیاندەخوازرێت. ئەو کەسانەش کەخۆیان لەپڕۆسەی ئیجتیهادو تێفکرین دوورخستۆتەوە، یاخود لەئاستێکدان ڕێگای ئەمکارەیان پێنادات، پێویستە لەسەریان ملکەچی فەرمانەکان بن و ئەوپەڕی توانا و گوێڕایەڵی بەکاربهێنن بۆ بەجێهێنانی بەچاوپۆشین لەئامانج یاخود کەسی دەست نیشانکراو، هەروەها بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو دەرەنجامانەی کەلێیدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانە خۆیان وەك ئەو سەربازانە دادەنێن کە مافی ڕادەربڕین و ناڕەزایەتییان نییە لەبەرامبەر ئەو فەرمانانەدا کەلەسەرەوە پێیاندراوە.

لێرەوە دەتوانین شرۆڤەی هەندێك ڕەوش بکەین: لەجەزائیر ئامانجی فەندەمێنتالیستەکان بێدەنگکردنی بەرامبەر بوو، ئەم ئامانجەش تەنها بە لەناو بردنی ئەو

بەرامبەرە دەبێت، کەخاوەنی دیدو تێڕوانینێکی جیاوازە، هەر لەبەر ئەمەشە قورسایی ئەو توندووتیژییەی جەزائیر کەوتبووە سەر نوسەرو رۆژنامەنوسان، لەبەرئەوەی ئەمانە سەرباری ئەوەی خاوەنی دیدوتێڕوانینێکی جیاوازن، لەهەمان کاتیشدا لەتوانایاندایە ئەوڕایەی خۆیان بگەیەننە خەڵکانی دیو راستیو دروستی ئەم دیدوتێڕوانینەی خۆشیان بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك بسەلمێنن، بۆیە رقو تورەیی فەندەمێنتالیستەکان بەشێوەیەکی سەرەکیو راستەوخۆ رووی لەوانەبوو کەخاوەنی تێڕوانینێکی جیاوازترنو، دەتوانن ئەوتێڕوانینانە بەخەڵکانی دیش بگەیەنن. ئەوەتا لەجەزائیر دەبینین ژمارەی ئەوقوربانییانەی، کەخاوەن تێروانینێکی جیاوازترن چەندە زۆرن، لەڕاستیدا زمانی سڕینەوەی بەرامبەر، واتە پشتگوێخستنی دیالۆگو نەسەلماندنی وەك



ڕێگایەك بۆ گەیشتن بەڕاستی رەهاو پاشان بۆ دەسەلات.

هەروەها لەمیسریشدا هەرچەندە لەمێژە هەردوو دەسەلاتی دادوەریو میدیا بوونیان هەیە، سەرباری هەبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵە فەندەمینتالیستەکان سەرباری شەڕی ئاشکراو سەرەکییان لەگەل حکومەتی گەندەڵبووی بێ دەسەلاتدا، شەڕیشیان لەدژی رۆشنبیران راگەیاند، مەبەستیشیان ناچارکردنی رۆشبیرانە بەهەڵبژاردن لە نێوان مەنفای ئارەزوومەندانەو هەلاتن لە ولات، یاخود مانەوە لە ولاتو خۆبەدەستەوە داندا، بەلام نەك کتومت وەك ئەوەی جەزائیر.

ئەم بزووتنەوانە بەمەبەستی سەرکوتکردنو کپکردنەوەی دەنگی رۆشنبیران، پەنایان بۆ

دامەزراوەکانی دەوڵەتو یاسا برد، ئەوە ئەزهەر بوو، کەفتوای قەدەغەکردنی رۆمانەکەی نەجیب مەحفوز (أولاد حارتنا)یدا، ئەوکارەی کە لەمێژبوو کرابوو، پاڵپشتێك بوو بۆ بزووتنەوە فەندەمێنتالیستیەکان بۆ ئەوەی لەشەڕو دژایەتیکردنی نەجیب مەحفوزدا بەردەوام بن، دواتریش هەوڵی کوشتنی بدەن. بەلەبەر چاوگرتنی ئەو راستیەی ئەوانەی هەوڵی کوشتنی نەجیب مەحفوزیاندا، هیچ رۆمانێکی نەجیب مەحفوزیان نەخوێندبووە، بەتایبەتیش رۆمانی (أولاد حارتنا)، هەروەك دواتریش لەبەردەم دادگا دانیان پێدانا، بەڵکو تەنها بەملکەچکردن بۆ فەتواکانی سەروو خۆیان بەم کارە هەستابوون. دیسان بەپشت بەستن بە((یاسا)) داوایەك لەدژی نەسرحامد ئەبوزەید بەرزکرایەوەو بەهەڵگەراوە تاوانبار کرا، کەبەم پێیە بەتێروانینی ئەوان دەبێ لەگەڵ ژنەکەیدا لەیەکتری جیاببنەوە، دواتریش خوێنی برژێت، تاکوئێستاش



ئەم پیاوە بەپشت بەستن بەیاسا، نەك بەراستیو لۆژیك، هەوڵدەدات بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت*.

هەر لەمیسردا، گەلێك رۆشنبیری دیکە هەبوون گیانی خۆیان بەخشی لەبەر ئەوەی جورئەتی رادەربڕینیان هەبوو، پێشیان وابوو، کەراستی موڵکی تەنها لایەنێك نییە، پێم وایە (فەرەج فودە) نمونەیەکی ئاشکرای ئەم رۆشنبیرانە بوو.

لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکاندا، فەزای سەپێنراوی نێو کۆمەڵگایە، کەچۆنیەتی تێگەیشتن لە (یاسا)و جێبەجێکردنی، دیاری دەکات. ئەوەتا (تەها حسێن) کە لەچارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، درا بەدادگا پاش ئەوەی کتێبێکی سەبارەت (بەشیعری جاهیلی) داناو تێروانینەکانی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەزهەردا سەبارەت

* لەکاتی نوسینی ئەم بابەتەدا، نەسر حامد ئەبو زەید لەژیاندا مابوو.

بەم پرسە جیاواز بوو، سەرەنجام ئەوداوایەی کە لەدژی بەرزکرابۆوە، داخراو بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە هیچ حوکمێك لەلایەن دادگاوە لەدژی دەرنەکرا، هەرخودی سەرۆکی داواکاری گشتیش بوو، واتە دەسەڵات بەپشت بەستن بەیاسا داوای داخستنی داواکەیکرد.

شێخ عەلی عەبدولرازقیش، کتێبێکی لەسەر (بنەماکانی فەرمانرەوایی لەئیسلامدا) دانا هەرچەندە ئەم کتێبە بەئیجتیهادێکی بوێرانە دادەندرێتو تێڕوانینو بۆچوونەکانی زۆر ناکۆكو دژبوو لەگەڵ بۆچونی ئایینی باڵادەستی ئەوکاتەدا، بەتایبەتیش لەگەڵ راوبۆچوونی ئەزهەردا، سەرباری هەموو ئەمانەش تووشی ئەوگرفتو گێرمەو کێشانە بوو کەنووسەرانو رۆشنبیرانێکی لەم کەم بایەختر تووشیبوون.



کۆمەڵێك رەوشی لەم جۆرە دەیسەلمێنێت کەکارابوونو بەهێزبوونی بزاوتە فەندەمێنتالیستەکان پابەندی لاوازیو نائامادەیی نەیارانێتیو پەیوەستە بەئاستی کارایی رای گشتیەوە. هەرکاتێك دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واتە رۆژنامەو یاساو دادگاو پارتەکانو رای گشتی چاودێر، ئامادەییان هەبێتو چالاکبن، ئەوکاتە پانتایی دەمارگیری بەرتەسك دەبێتەوەو هێزە فەندەمینتالیستەکان ناتوانن تێروانینو دیدگای خۆیان بەزۆر بەسەر بەرامبەردا بسەپێنن یاخود زاڵبن بەسەر کۆمەڵدا، لەسەرێکی تریشەوە، کەشو هەوایەکی گونجاو بۆ دایەلۆگو جیاوازیو فرەیی بیروڕا دەڕەخسێت، واتە ئازادی فیکری سەقامگیر دەبێتو پشت بەستن بەئەقڵو لۆژیكو رای گشتیو پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ گەیشتن بەچارەسەرەکانی دەبنە بنەما. یاخود بەگوزارشتێکی

تر دەتوانین بڵێین: دەرفەت لەبەردەم تاکە تێڕوانیندا یاخود زاڵبونی هزری گشتگەرایدا، بەرتەسك دەبێتەوە، سەرەنجام پەنابردن بۆ توندو تیژی وەك شێوازێك بۆ سەپاندنی بیروڕا، قورس و ئەستەم دەبێت.

لەم روەوە پێویستە ئاماژە بەوراستییە بدەین کەدەمارگیری پشت بەستوو بەفەندەمێنتالیزم تەنها بەو بزاوتانەی نێو ئۆپۆزسیۆنەوە بەرتەسك نابێتەوە، کەهەنووکە رووناکیان خراوەتەسەر، بەڵکو زۆربەی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی دوورگەی عەرەبی و کەنەداو دیسان پشت بەباوەڕی فەندەمێنتالیزم دەبەستن، واتە هەڵگری هەمان خەسڵەت و سیماکانی فەندەمێنتالیستین. بۆنمونە عەرەبستانی سعودی خۆی بەدرێژەپێدەری باوەڕێکی ئایینی زۆر دەمارگیرو داخراو دەزانێت (وەهابی)، کەجیاوازی بیروڕاو بیرکردنەوەی زۆر بەتوندی تێدا سەرکوت دەکرێت و



بەهیچ شێوەیەك رێگا بەدایەلۆگ و فرەیی نادرێت، هەموو ئەو بیروباوەڕو تێڕوانینانەش، کەجیاوازن یاخود لەگەڵیدا ناتەبان سەرکوت دەکرێن و دەسەڵات خۆی بەتاکە پارێزەرو تەفسیرکەری عەقیدە دەزانێت، کەوادەکات هەموو نەیارێ: لەدەرەوەی ئەو عەقیدەیە تەماشا بکرێت و شیمانەی تووشبوونی بەهەر ئەگەرێك بەکراوەیی بمێنێتەوە، لەوانەش لەنێوبردنی جەستەیی. (مەسعەری) باشترین نمونەی ئەم جۆرە ڕەوشەیە، لەبەر ئەوەی هەربەپشت بەستن بەهەمان ئیجتیهاداتی ئسوڵگەرایی و بەدەقەکان، دەخوازێت گەندەڵ بوون و لەبەریەك هەڵوەشانەوەو لاوازبوونی دەسەڵات بسەلمێنێت، بەڵام دەسەڵات بەزیندانی کردن وەڵامی دەداتەوە، هەرکاتێکیش دەربازی دەبێت لەدەستیان وەدوی دەکەون و دەبێتە مرۆڤێکی لەیاسا یاخی بوو، هەوڵی هەڵکەندنیشی دەدەن لەتاراوگەکەی لەئینگلتەرا، هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیاش ئەو

حکومەتەی کەبەنەریتە رەسەنەکانی پارێزگاری کردن لە ئازادیی بیروڕا ناسراوە، سەرەنجام درەنگ یان زوو، ملکەچی داخوازیەکانی سعودیە دەبێت.

ئەم نمونەیەو چەندان نمونەی تری ئاوا، ئاماژەن بەوتواناو ئیمکاناتەی کەدامەزراوەی فەندەمێنتالیزم، بەبزاف و حکومەتەکانەوە، بەپشت بەستن بەئایین هەیانە، بەمەبەستی رێگەگرتن لەئازادیی بیروراو پاوانکردنی تەفسیرکردن بەتەنها بۆخۆیان بەپێی بەرژەوەندییە کانیان، دواتر بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی نەیارەکانیان و تەنانەت ئەگەری لەنێوبردنی جەستەیشیان، هەمیشە بەپشتبەستن بەئایین پاساو دەهێننەوەو فەتوا دەدەن بۆ پینەکردنی کارەکانیان!

هەر لەم بارەیەوە رەنگە پێویست بێت ئاماژەیەك بەو شۆڕشە بکەین، کە لەدژی رژێمی شاهنشاهی هەواداری رۆژئاوا بەرپابوو. هەر پاش ئەو راپەڕینە



جەماوەرییە بەرفراوانەی، کەهەموو هێزەکان بەشدارییان تێدا کرد، شۆڕش کەوتە سەرکوتکردنی رۆڵەکانی خۆی ئەویش تەنها لەبەرئەوەی هەندێك لەشۆڕشگێڕەکان خوێندنەوەو تێڕوانینێکی جیاوازتریان هەبوو لەتێڕوانین و خوێندنەوەکانی (ئیمام خومەینی) سەبارەت بەپرسە هەمە لایەنەکان، ئەوەبوو دواتر بەنەیارو پاشتریش بەدوژمن ناوزەدکران، ئەوانەیان کەشانسیان هەبوو توانیان بگەنە تاراوگە، بەڵام ئەوانەشیان کەنەیانتوانی خۆیان دەربازکەن چونە نێو ئەوریزە درێژەوە کەخڵخاڵی خەریکی دادگایی کردنیان بوو، کەژمارەیان خۆی دەدا لەسەدان یاخود رەنگە لەهەزارانیش زیاتر بووبێت، بۆ ئەوەی (دادگا) حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێنێت و دەستەبەجێش جێبەجێبکرێت، زۆرینەی رەهای ئەو حکومدراوانەش هەرئەو موسوڵمانانە بوون،

کەئیجتهادو تێڕوانینی جیاوازتریان هەبوو لەهی سەرانی شۆڕش.

بەڵام نمونەی ئەفغانستان، کەهەر ئێستا بەردەوامە، باشترین بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەبزاوتی فەندەمێنتالیست یان هەر باڵێکی تری ئەم بزاوتە، هەمیشە بەڵگەو پاساوی حازر بەدەستی (ئایین)ییان بەدەستەوەیە بۆئەوەی لایەنی نەیارو بەرامبەری خۆیانی پێنەفی بکەنەوە، پاش ئەوەی بزوتنەوەی فەندەمێنتالیست لەچوارچێوەی دژایەتی کردنی حوکمی مارکسیستیو بونی سۆڤێت لەئەفغانستاندا سەری هەڵدا، درێژەیان بەشەڕدا، بەڵام ئەمجارەیان دژی خۆیان، هەرلایەنێکیشیان بەڵگەو پاساوی ئایینی پێویستو تەواویان پێیە بۆدرێژە پێدانی ئەم شەڕە، تاسەرەنجام ئەم شەڕە نەك هەر بەسڕینەوەو لەنێوبردنی ئازادیی بیروڕا، بەڵکو کاولکردنی تەواوی ئەفغانستانو کردنی بەخاکێکی سوتماککراو دەگات،



هەر لەسەر دەستی ئەو ئەفغانیانەش کەپشت ئەستورن بەکۆمەكو پشتگیری ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو سعودیە.!

لەبەرامبەر ئەم نمونانە لەفەندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا پێویستە نمونەی بۆسنێشمان لەبەر چاوان ون نەبێت، کەرەنگدانەوەو نیشاندەری هەڵوێستێکی دەمارگیرانەی خوێناوییە لەدژی لایەنی بەرامبەر، ئەمە نمونەی فەندەمێنتالیزمێکی ئایینیو ناسیۆنالیستی ئێجگار دڕندە بەرجەستە دەکات، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو ئەو هەڵوێستەش کەرۆژئاوای مەسیحی لەبەرامبەر ئەم پرسەدا وەریگرت، بەئاشکراو راشکاوانە دەریدەخات، کەئەوان هەڵوێستێکی نیگەتیفانەو خراپیان بەرامبەر بەهەموو ئیسلام هەیە نەك بەتەنها باڵێك یان مەزهەبێکی دیاری کراو، هەر ئەم راستیەشە، کە لەحاڵی حازردا پاساوە بۆ هەموو

ئەو بەدگومانی و بێ متمانەییەی، کەباڵی بەسەر پەیوەندییە مەسیحی و ئیسلامیەکاندا کێشاوە.



## سەرچاوە:

عبدالرحمن منيف، بين الثقافة والسياسة، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٨ ، ص ١٤٥- ١٩٣.

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی

## (٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | الدولية | | |
| 342 | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| 351 | بەعەرەبکردن و بە جولەکەکردن، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |